**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
نووسینگەی وەزیر

**اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارەی نهێنی: ١٥٢٣
No:

بەرواری ڕێکەوت: ١٩/ ٩/ 2019 -ی زایینی
Date:

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
نهێنی دەرکردە

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە برگەی (2/ تەوەری سێیەم/ بڕیارەکانی کۆنووسی چوارەم) لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی (3) و (4) ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (2019/7/24) و (2019/8/21) ئەنجام درا، تایبەت بە پلانی وەرگرتنی خوێندکاران/ قوتابیانی ئامادەیی بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان و هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی وەرگرتن بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020) و پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای خوێندن و پلانی وەرگرتن.

**بڕیار درا بە:**

1. پێداچوونەوە بە ڕێنمایەکانی وەرگرتن دەکرێت لە زانکۆ حکومیەکان و زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان.
2. هەردوو پرۆسەی وەرگرتن لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکان ڕێکدەخرێتەوە.
3. سیستمی کریدیت بۆ هەموو کۆلێژ و پەیمانگەکان لە زانکۆکان بەردەوام دەبێت، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەتی بەشە پزیشکییەکان.
4. ئەفزەڵیەت بە دەرچووانی خولی یەکەم دەدرێت بە شێوازێك جیاوازی کەمترین کۆنمرەی خولی یەکەم و دووەم لە (3%) تێپەڕ نەکات. هەروەها تایبەتمەندی دەدرێت بە بەشێك لە زانکۆ تازەکان و ئەوانەی (بۆلۆنیا پرۆسێس) جێبەجێ دەکەن، بەهۆی ئەوەی دوای (9/1) دەست بە خوێندن دەکەن.
5. سەبارەت بە خوێندنی ئێواران بە ڕەچاوکردنی ئاستی زانستی و پاراستنی کواڵیتی ڕێژەکەی کەم دەکرێتەوە، بۆ ئەمەش ئەنجومەنی وەزارەت دەسەڵاتی بەخشیە جەنابی وەزیر بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم پرسە.
6. دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزارەت دەدرێت بە جەنابی وەزیر بە مەبەستی پەسەندکردنی پلانی وەرگرتنی زانکۆکان بۆ ساڵی خوێندنی (2020/2019).
7. سەبارەت بە زانکۆی چەرموو کە (بۆلۆنیا پرۆسیس) جێبەجێ دەکات، تەنها دەرچووانی خولی یەکەمی ئەمساڵ و ساڵانی پێشتر وەردەگرن.

**د.ئارام محەمەد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەک بۆ/**

- نووسینگەی جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردەی تایبەت.